ڕێککەوتننامەی هاوبەشی لیژنەی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان.

لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان و لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و هێنانەکایەی قۆناغێکی نوێی حوکمڕانی کە ئامانجی یەکەم و سەرەکی؛ خزمەتی هاوڵاتیان بێت بەبێ جیاوازی، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتین:

یەکەم: پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان و یەکگرتوو کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دەنگدەران و تەواوی خەڵکی کوردستان و ڕێزگرتن لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت.

دووەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە سەرجەم لایەنە بەشدارەکانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەشی حکومەت لەسەر بنەمای چاکسازی و چەسپاندنی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان بە جۆرێک کە بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکانی لە یاسادانان و چاودێریکردن و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەتدا ئەنجام بدات.

چوارەم: چەسپاندنی پرەنسیپی (شەراکەت) لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا کە سەرجەم هێزە بەشداربووەکانی حکومەت، هاوبەشی ڕاستەقینە بن لە دەسەڵات و دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیاردا. لەم ڕوانگەیەوە بزووتنەوەی گۆڕان هاوبەش دەبێت لە:

أ. پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ هاوبەشی لە دەسەڵاتە سیاسییەکاندا.

ب. هاوبەش دەبێت لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە وەرگرتنی پۆستەکانی:

1- وەزیری پێشمەرگە.

2- وەزیری دارایی و ئابووری.

3- وەزیری پیشەسازی و بازرگانی.

4- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

5- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.

6- هاوبەشی لە دامودەزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا کە دواتر دیاری دەکرێن.

پێنجەم: هەردوولا پشتگیریی تەواوی سەرخستنی بەرنامەی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بە شێوەیەک کە زامنی پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین و ئینتیمای سیاسی و چوون بەرەو هەڵبژاردنێکی شەفاف و دوور لە هەر فشار و سزایەکی سیاسی بێت. لەم ڕوانگەیەوە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

پارتی دیموکراتی کوردستان          بزووتنەوەی گۆڕان

17.4.2014

هەولێر